# ئەفلۆتین: نۆنۆییەکان
## (دەربارەی گەوهەری دەروون)

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)
( ٢- ٢ )


ئایا ئەو وەبیرهاتنەوەیە هەتا هەتاییە و تا سەر هەر دەمێنێ؟ یان لە کاتێکی دیاریکراودا دوای ئەوەی لە لەش جیادەبێتەوە نامێنێ؟ بۆ ئەوەی توێژینەوەکە دروست بێ، دەبێ بزانین چ لایەنە، چ بەشێک شتی وەبیر دەێتەوە، بەڵام مەبەستمان پرسیارکردن نییە دەربارەی وەبیرهاتنەوە چییە، بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە بەپێی سروشتەکەی لەچیدا ئەو وەبیرهاتنەوەیە دەبێ؟ ئیتر وەبیرهاتنەوە چییە؟ لە جێگەیەکی دیکەدا قسەی لێ کرا و ڕوون کرایەوە، بەڵام ئەو لایەنەی بەزگماک توانایی وەبیرهاتنەوەی هەیە، دەبێ بیری لێ بکەینەوە و سەرنجی بدەین و بزانین! ئەگەر وەبیرهاتنەوەکە بابەتێکی بەدەست هاتوو بێ، زانین، یان وێناکردن ناکرێ لە بوونەوەراندا سەر هەڵبدات کە هەڵچوونیان نەبێ و نەگۆڕێن و کات کاریان تێ نەکات!

کەوابوو ناکرێ وەبیرهاتنەوە بدرێتە پاڵ ڕەب و بوونەوەری گیانیی و ژیر کە پەیوەست بەکات نین، ئەوانە هەرەکۆنن (ئەزەلین). بەو پێیە ئەگەر توانایی وەبیرهاتنەوە پەیوەست بێ بە شارەزاییەک کە لە دەرەوە بەدەست هێنرابێ، یان ئەنجامی هەڵچوونێک بێت، ئەوە ئەوانەی شتومەک کاری تێ نەکردوون و پابەندی کات نین، وەبیرهاتنەوە سەختە لەلایان دەربکەوێ! ئەو بوونەوەرانە نازانن پێشتر و دواتر چین، بەبێ

گۆڕان لە خۆیاندا هەروەک خۆیان دەمێننەوە، ئیتر چۆن دەکرێ بوونەوەرێک کە هەر خۆی لە خۆیدا بێ و هەمیشە هەر خۆی بێ، یادگار و وەبیرهاتنەوەی هەبێ. ئەو بوونەوەرە دۆخێکی بەسەردا نایەت کە لەوەی پێشتری جیاوازبێ، ئەو ڕەوشەی پێشتریشی لە مێشکیدا نامێنێ. بیر و هزر و بۆچوونیشی بەدوای یەکتریدا نایەن تا لە دۆخێکی دواتردا ڕەوشێک و بیرۆکەیەکی پێشووتری بیربکەوێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ چی ڕێگر بێ کە ئاگای لە گۆڕانی ئەوانی دیکە بێ و پێی بزانێ بەبێ ئەوەی خۆی گۆڕانی بەسەردابێت، وەک ئەوەی ئاگاداری قۆناغەکانی جیهان بێ، بەڵام ئەگەر بەدوای گۆڕانی شتە گۆڕاوەکاندا بچێ، دەیزانێ و جارێکیان لە دۆخێکدا دەبێ و جارێکی دیکە لە ڕەوشێکی تردا، وەبیرهاتنەوەش وەک کردار لە بیرکردنەوەی لە شتی جیاوازەوە پەیدا دەبێت و دێت.

دەربارەی ئەو بیروبۆچوونەی لە بارەی خودی خۆیەوە هەیەتی، ناکرێ بگوترێ بە بیریدا هاتوونەتەوە، بەڵام ئەمانە بەو جۆرە بۆی نایەن کە لە ترسی لە دەست چوونیان دەستیان پێوە بگرێ. ئەگەر ئەمە وابێ کەمترین شت کە لەو بارەیەوە بگوترێ ئەوەیە کە ئەو لەوە دەترسێ خودی خۆی لەدەست بدات، هەروەها نابێ وشەی وەبیرهاتنەوە بەو واتایە بۆ دەروون بەکاربێت کە چەند بیرۆکەیەکی بەبیردا دێتەوە، کە بەزگماک هەیبوون، کاتێک دەروون لە جیهانی سەر زەویدا دەبێ ئەو بیرۆکانە لەبەردەستی و لە مێشکیدان، ئەگەرچی ئەو خۆی ئەمانە دەزانێ، بەتایبەتی کە بەلای لەشدا دێن، ئەگەر دەستوبرد دەروون پەی بەو بیرۆکانە برد، ئەوە پێشینان بەو ڕەوشەیان گوتووە: جارێکی دی وەبیرهاتنەوە و ناسین و



ئەفلۆتین

یادەوەری و وەبیرهاتنەوە، بەڵام ئەمە جۆرێکە لە وەبیرهاتنەوە بەتەواوەتی لەوە جیاوازە کە ئێمە قسەی لێ دەکەین. هەر بەو واتایە کە کات هیچ پێوەندی بەچالاکی وەبیرهاتنەوەوە نییە.

دوور نییە ئێمە ئەو بابەتانەمان بە ساکاری باس کردبێ و مافی خۆیانمان نەدابێ! لەوانەشە بپرسرێ: ئایا جارێکی تر وەبیرهاتنەوە و یادکردنەوە سەر بە دەروونن خۆی، یان سەر بە دەروونێکن کە کەمتر بورووژێ و کاری تێ بکرێت! یان هی پێکهاتەیەکی دەروون و لەشن (بوونەوەری زیندوو)، بە چ مەرجێک و لە چ ساتێکدا ئەو وەبیر کەوتنەوەیە بۆ دەروون دێت — ئەگەر ئەو وەبیری بێنەوە، یان بۆ بوونەوەری زیندوو بێت کە ئەو یادەکە بکاتەوە؟ کەوابوو دەبێ ئەگەر ئەو دەروونە، دەروونێکی دیکە بێت، کەنگێ ئەو وەبیرهاتنەوەیە ڕووی داوە و چۆن پەیدا بووە؟ لە چ پێکهاتەیەکی هێزی ئێمەدا سەری هەڵداوە؟ ئەو پرسیارە زیندەوەریش دەگرێتەوە!

ئەگەر دەروون خۆی ئەو یادەوەرییە بکاتەوە، کە وابوو کام هێزە کام بەشە و ئەندامەی ئەو یادە دەکاتەوە؟ ئەگەر ئەوە لەسەرجەم بوونەوەری زیندوودا بقەومێ کە هەندێک کەس وای دادەنێن کە هەست بەشت دەکات — بە چ شێوازێک شتی بەبیر دێتەوە، بۆیە ئیتر دەبێ بوونەوەری زیندووی لێکدراو بناسین و بەچ شێوازێک ئەندامەکان پێناسە بکەین؟ لە کۆتاییدا پرسیارێکی دیکە دەکرێ: ئایا دەکرێ لەیەک شت خۆیدا توانایی پەی پێ بردنی بابەتە هەستەکییەکان و ژیرییەکانی پێ بدرێ و بدرێتە پاڵی؟ یان ئەوەی لایەنێکی دەیزانێ جیایە لەوەی لایەنەکەی دیکەی پەی پێ دەبات؟

٢٦- ئەگەر دوو ئەندام لە هەست پێ کردندا بەشدارییان کرد، ئەوە دەبێ کرداری هەست پێ کردنەکە سروشتێکی دوو ڕەنگی هەبێ، بەڵام لەلای ئەوەی هەست دەکات وەک یەکن، بۆ نموونە وەک بابەتێکی هاوبەش سەرنج بدرێ لە جۆری کونکردن و جۆلایی (چنین)، واتا دەروون پلەی (هونەرمەند) وەستا، لەشیش پلەی ئامرازی دەستی وەستای هەیە.

لەش بەملکەچی کارەکە پەسەند دەکات، بەڵام دەروون ئەو کارلێکرانەی لەش، یان بەنێوان جێگیرییەکەی پەیدا بووە، وەردەگرێ، یان بەپێی کارلێکرانەکەی لەش بڕیار (حوکم) دەدات، کەوابوو هەست کردن کارێکی ناوکۆیی و هاوبەشی دەروون و لەشە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە یادەوەریی، وەبیرهاتنەوە بەناچاریی سەر بە پێکهاتەی لەش و دەروونە: دەروون پێشتر ئەو کارلێکردنەی بۆ هاتووە و پاراستوویەتی، لە بیریشی دەچێتەوە. دوور نییە وا دابنرێ کە کاری بەبیرهاتنەوە لەلای خۆیەوە بەندە بە پێکهاتەکەوە، بەو بەڵگەیەی کە پێکهاتەی لەش بڕیاری (حوکمی) بەهێزی و لاوازی وەبیرهاتنەوەکە دەدات.

وەبیرهاتن و لەبیرچوونەوە پێوەندییان بە سروشتی مەیلی لەشەوە هەیە، بەڵام ئەگەر بگوترێ لەش دەبێتە ڕێگر و نابێتە ڕێگر لەبەردەم وەبیرهاتنەوەدا، ئەو قسەیە نابێتە مایەی ئەوەی کە بە بیرهاتنەوە بابەتی دەروونە.

سەرەڕای ئەمە چۆن دەکرێ بگوترێ هەردووکیان، نەک دەروون بەتەنیا ئەو زانیارییانەی بە بیردا دێتەوە کە بابەتی زانستین؟ ئەگەر زیندەوەری پێکهاتوو لە دوو بەش، شتێک بێ لە تێکەڵاوکردنی دوو کەرەستە پەیدابووبێ و لێشیان جیاوازبێ، ناکرێ بگوترێ بوونەوەر نە لەشە و نە دەروون! بوونەوەر جیاواز لە بنەمایەکەی کە لێی پەیدا بووە، بەبێ ئەوەی بگۆڕدرێ! تێکەڵبوونەکەش ئەوە ناگەیەنێ کە دەروون بە هێزەکیی لە زیندەوەر دایە، ئەگەر ئەمە وابێ، هیچ لەوە ناگۆڕێ کە وەبیرهاتن تەنیا کاری دەروون بێت، ئەمەش لە نموونەی تێکەڵکردنی هەنگوین و شەراب دەچێ: ئەگەر تێکەڵەکە شیرین بوو، شیرینەکە هی هەنگوینەکەیە، ئیتر دەروون خۆی شتی وەبیردێتەوە، بەڵام چ دەگوترێ ئەگەر بە بیرهاتنەوەکە هی لەش بێت، هیچی تر بێگەرد نەبێ، بەڵکوو چەند خەسڵەتێکی دیاریکراوی پێ دەبڕێ کە بە شمەکی تێبینی و هەست پێکراو دەنەخشێ و ڕوخساری دیاری دەکرێ؟ پلەیەکی لە لەشدا دەبێ کە ڕێگری لێ دەکات بچێتە دەرەوە و دەبێ هەر لە لەشدا بمێنێتەوە؟ ئەو جۆرانە یەکەم شت کە بگوترێ ئەوەیە کە لە جێگەدا قەوارەیەک نین، ناکرێ ئەو جۆرانە لەگەڵ مۆر، یان وێناکراو، یان ڕوخسار و فۆڕمەکاندا بەراورد بکرێن! چونکە جێگەی مۆرکردن، یان نەخشاندن لەسەر مێودا بوونی نییە، بەڵکوو ئەو کارەی لە دەروون دەکرێ، جۆرێکە لە پەیبردنی ژیرەکی، ئەگەرچی پێوەندی بەشمەکی هەستەکییەوە هەبێ! سەرەڕای ئەمە،

ئایا دەکرێ قسە لە چ کارلێکردن و شوێنەوار لە ژێر و بیرۆکەکاندا بکرێت؟ یان دەبێ شوێنەوار و وێناکردنەکە لە چ جێگەیەکی لەشدا بێت، کاتێک مرۆڤ بیر دەکاتەوە، بەڵام بۆ دەبێ بیر و ژێر لەگەڵ لەش و خەسڵەتەکەکانی بەدەن بن؟ دەروون بەناچاریی بزووتنەوە تایبەتییەکانی خۆی لەبیرە و بە بیریدا دێنەوە، بۆ نموونە ئەو شتانەی بە بیردا دێنەوە کە حەز و ئارەزووی لێیان بووە و بەدەستی نەهێناون.

لەو دۆخەدا ناکرێ و ناگونجێ ئەو شتەی حەزی لێ کراوە لە لەشەوە نزیک بێت، کەوا بوو چۆن لەش هەست بەشتێک دەکات دەستگیری نەبووبێ؟ چۆن دەکرێ دەروون پەنا بۆ لەش بەرێ بۆ وەبیرهاتنەوەی شتێک کە لەش بەپێی سروشتەکەی دەرفەتی زانین و پەی پێ بردنەکەی نەبووە؟ ئەگەر دەروون، پێویست بێ، ڕاستەقینەیی و سروشت و کاریگەری تایبەت بە خۆی هەبێ، دەبێ هەر شتێک بە لەشدا تێپەڕێ، بگاتە دەروون و لە وێ کۆتایی بێت، وێناکردن و ئەوانی دیکە سەر بە دەروونن و موڵک تایبەتی ئەون. ئەگەر ئەمە وابێ، ئەوە حەز و ئارەزووی دەبێ و بەبیریشی دێتەوە کە حەز و ئارەزووی کردووە. بەبیری دێتەوە کە لە جێبەجێ کردن و بەدیهێنانی ئارەزووەکانیدا سەرکەوتوو بووە تا شکستی هێناوە، مادام خۆی لەوانە نییە کە گۆڕانی بەسەردا دێت.

ئەگەر دەروون ئەو خەسڵەتەی نەبێ و لێی بێبەش بکرێت، هەستی ناخەکی و هۆشیاریی و توانایی وێناکردنی نابێ و ناتوانێ ژێرانە پەی بەوە بەرێ کە هەستی پێ دەکات! ئەگەر خەسڵەتێکی لەو خەسڵەتانە، ئەمانەی دەستگیر نابێت کە لە لەشدان، بەڵکوو دەتوانێ ئەو کارانە پیادە بکات کە بوونی ئەندامەکانی لەش بە پێویستی دەکەن! بەڵام کاتێک بەلەش دەگات و لێوەی نزیک دەبێتەوە، ئەو هێزانەی هەیە و لە باریدان کە ڕاییکردنی ئەو چالاکیانە پشتی پێ دەبەستن.

ئیتر ئەو توانایی و هێزانەی کە خۆی بەتەنیا هەیەتی، هەندێکیان هێزەکین و ئەوانی تر کردەکین، لەلایەکی دیکەوە لەش ڕێگرە لە وەبیرهاتنەوە، بەڵگەش ئەوەیە ئەگەر دەروون شتی پتر لە پێویست شتی زانی و لەو ڕەوشەدا سنووری بەزاند، شتی لەبیر دەچێتەوە، بەڵام ئەگەر دەستبەرداری ئەو شتانە بوو کە پترن لە پێویست و خۆی لێ پاک کردنەوە، شتی بە بیر دێتەوە. مادام وەبیرهاتنەوە لەخۆیدا بابەتێکی نەگۆڕە وەک دەروون و لەشیش دەبزوێ و گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەوە لەش مایە و هۆکاری لەبیرچوونەوە دەبێ نەک وەبیرهاتنەوە، هەر بۆیە ڕووباری (لیتە) بەسروشتی کشان و ڕانەوەستان لێک دەدرێتەوە و بەبیرهاتنەوەش بە خەسڵەتێکی دەروون دادەنرێ.

٢٧ - بەڵام کام دەروونە مەبەستە؟ ئەو دەروونە کە بە ڕەببانی دادەنرێ و دەستنیشان دەکرێ و گەوهەری مرۆڤ دیاری دەکات و لێوەی پێک دێت، یان ئەوەی دیکە کە دەروونی گەردوونە (هی جیهانە)؟ دەکرێ ئیتر بگوترێ: هەریەکەیان بیرەوەری و وەبیرهاتنەوەی هەیە کە لە لایەکەوە ناوکۆییە پێکەوە و لەلایەکی دیکەوە هەر یەکەیان هی خۆی هەیە. ئەگەر یەکبگرن پێکەوە، ئەوە گشت وەبیرهاتنەوەکەیان هاوبەش و ناوکۆیی و پێکەوە دەبن، خۆ ئەگەر لەیەکتر جیاببنەوە، ئەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ وەبیرهاتنەوەکانی دەروونەکەی تر، تەنیا بۆ کاتێکی کورت دەبێ و لەبیری دەچنەوە. ئەوەندەی بابەتەکە

پێوەندی بەتارماییەکەی (هەرقەل)ەوە هەیە، (بۆ نموونە) دەربارەی قیامەت (هاریس) من وای بۆ دەچم دەبێ ئەوە پەسەند بکەین، ئەوە هەمووان ئەوەیان لەبیر دەبێ کە لە ژیاندا کردوویانە، چونکە ئەو ژیانە هیی خۆیانە.

بەڵام تارماییەکەی (هەرقەل) ئەوەی باس نەکردووە کە دەکرا هەرقەل خۆی بیڵێ! کەوابوو ئەو دەروونە ڕەببانیانەی کە ڕزگاریان ببێ بەتەواوەتی، چی دەڵێن؟ ئەو دەروونانە ئەوەندەی کاریگەری جیهانی سەر زەوییان لەسەربێ، لەوە بەولاوە باس ناکەن کە مرۆڤ کردوویەتی، یان کاری لێ کراوە. ئەگەر کاتەکە تێپەڕی و لە مردن نزیک بووەوە، یادەوەرییەکانی ژیانی پێشووی بەبیر دێنەوە، ئیتر قێز و بێز لە یادی ژیانی ئەو سەردەمی دەکاتەوە و لەبیر خۆیانیان دەباتەوە. لەبەرئەوەی ئەوکاتە لە لەش پاک بووەتەوە و دڵخۆش دەبێ بەوەی ئەو شتانەی وەبیربێنەوە کە لە ژیانی ئەم دنیایەدا وەبیری نەهاتوونەتەوە.

خۆ ئەگەر بچێتە بەر لەشێکی دیکەوە دوای ئەوەی لە لەشەکەی تر هاتووەتە دەرێ، چەند شتێک دەڵێ کە لە دەرەوەی ئەو ژیانەدان کە بەسەری بردووە، باسی ڕابوردوو دەکات وەک ئەوەی ئێستا لەبەرچاو و لەبەر دەستیدا بێ و باسی قۆناغەکانی ژیانی پێشووی بەسەرچوو دەکات، بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی کات، زۆر شتی لەبیر دەچنەوە، خۆ ئەگەر هاتو گۆشەگیر و تەنیا بێت، دەبێ قسە لەچی بکات؟ کەوابوو دەبێ ئەو تواناییە باس بکەین کە دەبێتە مایەی بەبیرهاتنەوە لە دەروندا!

٢٨- ئایا وەبیرهاتنەوەمان بەهۆی ئەو توانایی و هێزە دەبێ کە بۆ هەست کردن و لە فێربووندا بەکاری دێنین؟ یان بەهۆی حەزکردن و ئارەزووەوە بیرمان دەکەوێتەوە ئەوەی کە حەزمان لێیەتی و ئەوەی تووڕەمان دەکات، بەهۆی توانایی تووڕەبوونەوە وەبیرمان دێتەوە؟ بەڵام ئەوەی بە ئارەزوو، حەزی لێ دەکرێ لەوە جیایە کە بەبیردێتەوە! ئەگەر هێزی یادکردنەوە جارێکی دیکە شتەکە دێتەوە ئارەزووی ئەو شتەی مرۆڤ کردوویەتی دەوروژێت. باشە بۆ دەبێ ئارەزووەکە جارێکی دیکە بەدەر نەکەوێتەوە، یان هەر ئارەزووەکە خۆی نەیەتەوە ئەگەر ئەوەی مرۆڤ لەبەرچاوی بێ، شتێکی تر بێت. چی ڕێگر دەبێ لەوەی هەست کردن بە بابەتە تایبەتییەکانی بدرێتە پاڵ ئارەزوو، حەزیش بەتوانایی هەست کردن بدرێ و پێی ببەخشرێ! ئیتر بەپێی ئەو ڕەگەزەی زاڵە و تەنیا لەکاتی دیاریکراودا ناوی جیاواز لەو هێز و تواناییانە بنرێن!

هەست کردن ئەوپەڕی جیاوازە لە هێزەکانی دیکە، ئارەزوو ئەوە نییە کە دەبینێ، بەڵکوو ئەمە چاوە. سەرەتا بێ ورووژانی ئارەزوو لە هەستەکانەوەیە، بەهۆی کاریگەرییەکەوە کە هەنگاو بە هەنگاو، وردە وردە دەگوێزرێتەوە بەجۆرێک بەپێی کاریگەریی هەست پێ کردن و بەبێ ئەوەی هۆشی لێی بێ، ئارەزووەکە پەسەند دەکات و ناشزانێ پوختە و گەوهەرەکەی چییە! لە تووڕەبوونیشدا هەروایە: دیتن ستەم دەبینێ و تووڕەبوون دەوروژێ و دەمار دەگیرێ، هەروەک چۆن شوان گورگ دەبینێ کە بەرەو ڕانەمەڕەکەی (بەرەو ئاژەڵەکەی) دێت و سەگەکەی بەخۆ دەکەوێ و ڕادەپەڕێ بەبێ ئەوەی گورگەکەی دیتبێ، بەڵکوو هەر بە بۆن هەستی پێ کردووە، یان گوێی لە دەنگەکەی بووە.

بەو پێیە ئارەزوو شوێنەواری ئەوە دەپارێزی کە قەوماوە و چێژی لێ وەردەگرێ، بەڵام نەک وەک یادەوەریی، بەڵکوو بەشێوەی ڕەوش و

کارلێکدانی ناڕێ. بەڵگەی ئەمە ئەوەیە زۆرجار یاد ئەوەی لە بیردەچێ کە لە بەشی حەزکردنی دەروونـدا ئارەزووی لێ کردووە. ئەگەر یاد لەو لەشەدا بوویایە، ئەو حەز و ئارەزووانەی لەبیر نەدەچووەوە.

٢٩- ئایا هێزی تێبینی هەستکردن بدەینە پاڵ یاد؟ بۆ ئێمە یاد و هێزی هەستکردن یەک شت بن. ئەگەر تارماییەکە (شاتن بیڵد) شتی بەبیر بێتەوە، وەک پێشتر گوترا، ئەوە توانایی تێبینی کردن و وەبیرهاتنەوەی هەستەکی دەبڵ دەبێ (دوو هێز دەبێ)! خۆ ئەگەر وەبیرهاتنەوەی هەستەکی یادکردنەوە نەبێ، بەڵکوو شتێکی دیکە بێت، دەبێ سەرچاوەکانی وەبیرهاتنەوە دووبن، سەرەڕای ئەمە ئەگەر توانایی وەبیرهاتنەوە هێزی هەست کردن بێت، دەبێ توانایی هەست کردن ئەوەبێ کە ئێمە بەهۆیەوە بیرۆکەکانمان وەبیردێتەوە، ئیتر پێویستە هێزێکی تر بەم و بەو پەیوەیست بێ! یان ئەوەتا دەبێ هێزێکی هاوبەش (ناوکۆیی) پەی پێ بردن هەیە کە هەمەکی بێت و یادکردنەوەی بابەتەکانی هەست و ژیری بدەینە پاڵ؟ ئەو بۆچوونە کاتێک واتا بەخش دەبێ ئەگەر هاتو مرۆڤ بەتاکە هێزێک شمەکی بەر هەست و ژیرییەکان پەی پێ ببات، بەڵام ئەگەر ئەو هێزە بە دوو بەش دابەش ببێ، ئەوە دەبێ دوو وەبیر هاتنەوەش هەبێ! خۆ ئەگەر ئەو دوو یادە بدەینە پاڵ هەردوو دەروونەکە و بیانخەینە سەریان، ئەوە چوار یاد لە ئارادا دەبن، بۆ دەبێ ئەوەی بەهۆیەوەهەست بەشت دەکەین، هەر بەو شت بەبیر دێتەوە؟ ئیتر ناچار بین هەردووکیان بدەینە پاڵ یەک هێز! بۆچی دەبێ ئەو هێزەی بیری پێ دەکەینەوە هەر بەو خۆی، بیرۆکەکەکان وەبیرمان بێنەوە؟ بەڵام باشترین بیرکەرەوە باشترینی ئەوانە نییە کە شتی بەبیردا دێتەوە!

ئەگەر پلەی هەست کردن لەلای ئەوانەی پەنای بۆ دەبەن، یەکسان بێت، ئەوە لە پلەی وەبیرهاتنەوەدا یەکسان نین، هەست لەلای هەندێکیان دەورووژێ و وەبیرهاتنەوە لەلای ئەوانی تر کە دەرفەتی هەست پێ کردنی نوێیان نەبووە. ئەگەر لەلایەکی دیکەوە پێویست بێت هەردوو هێزەکە جوایەز بن، ئەوە دەبێ یەکێکیان پێش هێزی هەست کردن بکەوێ لەوەی وەبیری دێتەوە و هەستی پێ دەکات، هەروەها دەبێ ئەو هێزەی یەکەم هەست بەوە بکات کە دواتر بەبیری دێتەوە. هیچ شتێک ڕێگر و بەربەست نابێ، لەوە کە یاد بابەتێکی هەستەکی هەبێ کە وێنە، یان ئەندێشە بێت، یادیش کە وێنەکان دەپارێزێ، خەسڵەتێکی هێزی ئەندێشە بێت کە لە توانایی هەست کردن جیاوازە، چونکە ئەندێشە لەوێ دەست پێ دەکات کە هەستەکان ڕادەوەستن و کۆتاییان دێت.

ئەگەر هەستکردن نەما، ئەوە ئەوی دیتراوە لە ئەندێشەدا دەمێنێ. ئەگەر وێنەیی شت دوای نەمانی لە ئەندێشەدا بمێنێتەوە، ئەوە ئەندێشە بیری دەکەوێتەوە، ئەگەرچی وێنەکە درێژە نەکێشێ. ئەگەر وێنەکە ماوەیەکی دوورودرێژ لە ئەندێشەدا مایەوە، یاد لاوازە، ئەگەر ماوەی وێنەکە درێژەی کێشا، خاوەن ئەندێشەکە (خەیاڵەکە) بەپێی توند و پتەوی هێزی ئەندێشەکە یاد و بیرکەوتنەوەکەی بەهێزە. لەو کاتەدا سەختە بۆ ئەو هێزە بگۆڕدرێ، بۆیە دەبێتە مایەی ئەوەی یاد تێک بچێ و کاڵ بێتەوە، کەوابوو یادەکە یادی هێزی ئەندێشەییە! وەبیرهاتنەوەش، وەبیرهاتنەوەی کاروبارێکە بە جۆر و شێوازی ئەو هێز و تواناییە. جیاوازی نێو وەبیرهاتنەوەیەک و وەبیرهاتنەوەیەکی دیکە

(یـاد و یادێکـی دیکـە- وەرگێـڕ) لـە جیاوازیـی توانایـی و هێزەکانـەوە کەوتووەتـەوە، یـان بـوون و نەبوونـی بـە ئاگایـی و هۆشـە، یـان هۆکارەکـەی مەیلـی لەشـە و بەدەنـە ئایا لـە ئارادایـە، یـان لـە ئـارادا نییـە، کـە بـەڕادەی جیـاواز وەبیرهاتنـەوە (یـاد) دەگـۆڕێ و دەشـێوێ، یـان هیـچ شـتێک لـەو بارەیـەوە ڕوونـادات، ئەمـە بابەتێکـە دواتـر دێینـەوە سـەری.

٣٠- ئایـا چـی بیرۆکـە (ژێرییـەکان) ڕاگیـر دەکات؟ ئایـا توانایـی و هێـزی وێناکـردن ئەمـە دەکات؟ ئەگـەر لەگـەڵ گشـت بیرۆکەیەکدا وێنـەی هەبـێ، ئـەوە بـەردەوام بوونـی ئـەو وێنەیـە، کـە پتـر لـە تارمایـی و سـێبەری بیرۆکـە دەچـێ، وەبیـر هاتنـەوەی شـتە زانراوەکـە لێـک دەداتـەوە و ڕوونـی دەکاتـەوە.

ئەگـەر وانەبـێ دەبـێ مشـووری چارەسـەرێکی دیکـە بخـورێ، کـە وەبیرهاتنـەوە لـە شـتێکی تـردا بـەدی دەکات! دوور نییـە ئـەوەی هێـزی ئەندێشـە تۆمـاری دەکات، شـێوازێکی دەربڕیـن بـە قسـەی بیرۆکەکـە بێـت، هـزر دابـەش نابێـت. ئەو لـە ئارادا نابـێ ئەگـەر بەشـێوازی دەرەکیـی دەرنەبـڕدرێ و لەناخـدا گیـر بـێ. زمـان وەک ئاوێنـە (نەینـۆک) هـزر نیشـان دەدات، کاتێـک مشـتومالّی دەکات و لـە ڕەوشـی هـزرەوە بـۆ دۆخـی وێنـە دەیبـات، بـەو پێیـە هـزر پەیـی بەشـت دەبـات و جێگیـری دەکات و بەبیـری دێتـەوە، بـەڵام دەروون هەمیشـە مەیلـی بـەرەو زانینـی ژێرەکی هەیـە. ئـەو زانینەی بەنـدە بـەو هەلومەرجـەی پێشـتر قسـەی لـێ کـرا، ئیتـر بیرکردنـەوەی مرۆڤ شـتێکە و پەیبـردن بـە بیرکردنەوەکـەی شـتێکی دیکەیـە! مـرۆڤ هەمیشـە بیـر دەکاتـەوە، بـەڵام هەمیشـە پـەی بـەوە نابـات کـە بیـر دەکاتـەوە! چونکـە ئـەو خۆیـەی بیرۆکەکانـی پـێ دەگات، هەسـتەکانیش و تێبینـی بـەدوای یەکـدا پێشـوازی دەکات.

٣١- ئیتـر ئەگـەر وەبیرهاتنـەوە بابەتـی توانایـی وێناکـردن و بۆچـوون (ئەندێشـە) بـێ! هەریەکـە لـە هـەردوو دەروونەکـە، وەک پێشـتر گوتـرا، شـتیان وەبیردێتـەوە، بـەو پێیـە دوو جـۆر توانایی وێناکردن (ئەندێشـە) بوونیـان دەبـێ، دەکـرێ ئەمـە بـەو جـۆرە بـێ کـە هەردووکیـان لـە یەکتـری جیـا بـن، بـەڵام چـۆن دەشـێ لـە مرۆڤـدا دووجـۆر وێناکـردن (ئەندێشـە) هەبـن؟ لەکاتێکـدا هـەردوو دەروونەکـە لـە بوونەوەرێکـدا یـەک دەگـرن؟ کەوابـوو لـە کام ئەندێشـەدا وەبیرهاتنـەوە بوونـی دەبـێ؟ ئەگـەر لـە هەردووکیانـدا بـێ، ئـەوە دەبـێ فۆڕمـی بۆچوونەکان (وێناکردنـەکان- ئەندێشـەکان) دوو بـن، چونکـە ناکـرێ هێـزی ئەندێشـە لـە یەکێکیانـدا پێوەنـدی بەکاروبـاری ژێرەکـی و لەویتریانـدا سـەر بـە بابەتـە هەسـتەکییەکان بێـت، لـەو ڕەوشـەدا مـرۆڤ لـە دوو بوونـەوەر پێـک دێـت کـە هیـچ پێوەندییـان بـە یەکـەوە نەبـێ! ئیتـر ئەگـەر وەبیرهاتنـەوە لـە دوو ئەندێشـەدا بووبایـە، دوو وێنەکـە بەچـی لـە هـەردوو دەروونـدا لـە یەکتـری جیـاواز دەبوون؟ چـۆن مرۆڤ پـەی بـەو جیاوازییـە نابـات؟ ئـەو کاتـە دوو ڕەوش (دۆخ) لـە ئـارادا دەبـن، یەکەمیـان ڕەوشـی دوو وێنەکەیـە کـە ئەگـەر هاوئاهەنگـی (هارمۆنـی) لـە نێوانیانـدا هەبێـت، ئیتـر دوو هێزەکـە لـە یەکتـری جیـا نابـن، یـان ئەندێشـەی دەروونـی بـاڵا بەسـەر ئـەوی تـردا دەسـت ڕۆیشـتوو دەبـێ، ئیتـر ئـەو وێنەیـەی دەکەوێتـەوە، یەکێـک دەبـێ. دووەمیـان وەک سـێبەر بەدوایـەوە دەبـێ، یـان وەک تیشـکێکی خەفـەی (لاواز) شـان بـە شـانی تیشـکە گەشـاوە بەهێزەکـە، یـان هەردووکیـان لـە کێشـە و بـەرەدا دەبـن، ئیتـر ڕەوشـی دووەمیـان لـە خۆیـدا بـەدەر دەکـەوێ؟ بـەڵام ئـەوە نازانـی کـە لـە دەروونەکـەی دیکەدایـە! چونکـە مـرۆڤ پـەی بـە دوو ڕەنگـی

دەروون نابات، بۆیە لە کۆتاییدا دەبێ هەر یەک بن! دووەمیشیان پاشکۆی دەبێ. دەروونێکیان گشت شتێک دەزانێ و دەبینێ. ئەگەر لە لەشیش جیابووەوە چەند یاد و بیرەوەرییەکی لەبیر دەمێنێ، بەڵام دەستبەرداری ئەویادانە دەبێ کە پێوەندییان بەدەروونەکەی ترەوە هەیە! ئەوەش وەک ئەوە وایە مرۆڤ دەستبەرداری هەڤاڵی بەد ببێ لەپێناوی هاوڕێی چاکدا. دەربارەی یەکەمیان تەنیا بیرەوەری کەمی لە بارەی یەکەمیانەوە دەبێ و کۆڵێکیش دەربارەی دووەمیان بەردەوام یادی باشی دەبێ.

٣٢- باشە دەبێ یادکردنەوەی دۆست و هەڤاڵ و ژن و زاروو (منداڵ) چۆن بێت؟ یادی نیشتمان و ئەو کاروبار و شتانەی کە مرۆڤی خورت و ئازا و کارڕاست، ژیرانە بیریان لێ بکاتەوە؟ هێزی ئەندێشە ئەگەر یادی شتێکی لەو شتانە کردەوە دووچاری هەڵچوون دەبێ! بەڵام مرۆڤی چاکەخواز و کارڕاست یادیان دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی هەڵبچێ! ڕاستە لە دەستپێکدا تووشی هەڵچوون دەبێ، بەڵام دەروونی باڵا هەست بە چاکترینی هەڵچوونەکان دەکات، چونکە پێوەندی بەدەروونی ژێرەوە هەیە! بەڵام باشتر وابوو کە دەروونی ژێروو چاو لە دەروونی باڵا بکات و وەک ئەو یاد بکاتەوە، بەتایبەتی ئەگەر لەلای خۆیەوە دەروونێکی چاکەخواز بێت، مرۆڤ بەو زانستەی لە بوونەوەرێکی باڵاوە پێی دەگات سەربەرز و ئابڕومەند دەبێت، بەڵام دەبێ دەروونی باڵا ئارەزوومەند ئەو شتانەی لەبیر بچنەوە کە لە نەفسی ژێرووەوە بۆی هاتوون. ئەگەر دەروونێکی ڕەند و چاکەکار بێت، دەتوانێ سەرکێشییەکانی دەروونی سروشت ژێروو سەرکوت بکات! چەندە دەروون ڕێگە بەرەو ژێرەکی ببڕێ، ئەوەندە پتر کاروباری جیهانی ژێرووی لەبیر دەچنەوە، ئەگەر بێتو تێکڕای ژیانی دنیا (سەرزەوی) تەنیا هەر یادی چاکەکاری هەبێ، ئیتر واباشە مرۆڤ خۆی لە جیهانی ئێمەدا پشت بکاتە کاروباری دنیا، پێویستە لەسەری دەستبەرداری یادی ئەو کارو بارانە ببێ.

لێرەوە دەتوانرێ بە دڵنیاییەوە بگوترێ دەروونی چاکەخواز شتی لەبیر دەچنەوە، لەو شتانە خۆی بە دوور دەگرێ کە سروشتی فرەییان هەیە و فرەیی دەباتەوە سەر یەک بنەمای یەک ڕەنگیی! و دەست لە دیاری نەکراوی بێ سنوور هەڵدەگرێ. هیچ کاتێک کۆی یادەوەرییەکانی دنیا (سەرزەوی) لەبیر نامێنن، چونکە تاک و تەنیا و سادە و ساکارە لە خۆیدا، بگرە لە ژیانی ئێستایدا کە بیەوێ بیر بکاتەوە و بگاتە جیهانی ژێرەکی، (گیانی) لەو پێناوەدا دەستبەرداری گشت شتێک دەبێت و لە جیهانی گیانی- ژێرەکیدا لە ڕادەیەکی کەم بەو لاوە شتی جیهانی سەر زەوی لەبیر نامێنێ.

ئەو یادانە تۆزێک پتر دەبێ کاتێک بە تەنیا لە ئاسمان دەبێ. دەکرێ هەرقەل لەم دنیایە باسی ئازایەتی و پاڵەوانیەتی خۆی بکات و لافیان پێوە لێ بدات، بەڵام کاتێک پێ دەنێتە جیهانی پاک، ئەوانە بە شتێکی کەم بایەخ دێنەبەرچاوی. دەروونیش ئەوکاتە تواناییەکی بەهێزتری لە هەرقەل (هێراکلیس) دەبێ، ئەمەش لە چالاکیی تێکۆشانەکانیدا دەردەکەوێ وەک چۆن داناکان کردوویانە.

**فەسڵی چوار:**

**دەربارەی دەروون، یان دەربارەی کێشە و بەرەکانی پەیوەست بە دەروون**

**(بەشی دووەم)**

١- لێرەدا دەروون چی دەڵێ و چ یادەوەرییەکی دەبێ کاتێک دەگاتە دنیای ژیرەکیی — گیانی

(ڕۆحانی)، لەگەڵ گیانی ڕوحانیدا (لەگەڵ گەوهەر) دەبێ؟ ئەو لەو بابەتە ژیریانە ورد دەبێتەوە و سەرنجیان دەدات لەوەدا کە چوستوچالاکە، ئیتر ئەوەی لەمەوە دەکەوێتەوە: دەبێ بگوترێ دەروون ئەوکات ئەو ژیرەکییانە (ڕۆحانیانە) دەبینێ و سەرنجیان دەدات و شتێک دەکات کە شایستەی ئەو دنیایە بێت کە تێیدایە، ئەگەرنا سەر بەو جیهانە نەدەبوو، ئەوجا هیچی لە بارەی ئەوەوە لەبیر نەدەما کە لە جیهانی هەستەکیدا کردوونی! ئەوەی لەبیر نەدەما کە سەرگەرمی فەلسەفە بووە، هەروەها لە بیری نەدەما، کاتێک لەسەر زەوی بووە، کاروبارە گیانییەکانی دیتووە، ئەگەر بتوانێ بیر نەکاتەوە و لە ڕەوشی ژیرەکی و (عیرفانی) دا بێت، ناتوانێ شتێک بکات لەوە بەولاوە پەی بەوە بەرێ کە زانیویەتی و بەچاو دیویەتی.

کاتێک مرۆڤ بیرکردنەوەکەی دەربارەی بابەتێک دەبێ، شتێکی دیکە دەکات جیا لەوەی بیر بکاتەوە و سەرنج بدات، ئیتر ئەوانەی لە بیر نامێنێ کە تووشیان بووە و ڕووبەڕووی بوونەتەوە، ئەوجا (عیرفان) لە خۆیدا زانینی ڕابوردووی تێدایە کە پێش خۆی کەوتووەتەوە، ئەمە وا دەگەیەنێ کە لە بیروزانیندا گۆڕان هەیە!

ئەگەر ئەمە بەو جۆرە بێ، ئەوەی لە جیهانی گیانیدا ببێ، پاک و بێگەرد ناکرێ ئەوەی بە بیر دێتەوە کە بەسەری هاتوون، بەتایبەتی لەکاتی بوونیدا لەم دنیایەدا. وا دەردەکەوێ کە هزر و زانین (عیرفان) پەیوەستی کات (زەمەن) نین، چونکە گیانییەکان (ڕۆحانییەکان) لە هەتا هەتاییدان، نەک لەکاتدا.

ئەگەر ئەمە دروست بێ، ئەوە دەروون لە جیهانی سەرووددا کەمترین بیرهاتنەوەی دەبێ نەک تەنیا هەر دەربارەی کاروباری سەرزەوی، بەڵکوو بەهەر شتێکی دیکە! چونکە هەموو شتێک لەوێدا بوون و ئامادەبوونی هەیە و لە ئارادایە: هیچ شتێک لە شتێکی دیکەوە ناکەوێتەوە و پێویست ناکات بە خەسڵەتە چییەتییەکاندا تێ بپەڕێ کە بەدوای یەکتریدا دێت و لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە بچێت! کەوا بوو چی دیکە؟ ئایا لەنێو بابەتە ژیرەکی و گیانییەکاندا دابەش بوون و سەرەوژێر لە ڕەگەزەوە بۆ جۆر لە ئارادا نییە، هەروەها بە پێچەوانەوەشەوە بەرەو ژوور چۆن لە ژیرەوە بەرە و هەمەکی و باڵاکان لە ئارادایە! ئەگەر ڕاست بێ و بشێ کە گیان (ژیری باڵا) بەو جۆرە بەرەو پێش تەکان نەدات، لە کاتێکدا گشتی چالاکی و کارایە! بۆ دەبێ دەروون بەهەمان قۆناغدا تێ نەپەڕی ئەگەر بەو جۆرە لە نێو ژیرەکییەکانی جیهانی باڵادا بوونی هەبێ! دەگوترێ لەو ڕەوشەدا هیچ ڕێگرییەک لەوە ناکرێ کە هەموو ڕۆحانییەکان بەیەک جار بەدی بکات! ئایا ئەو پەی پێ بردنە زانینیکی سەراپاگیری یەک شتە؟ زانین پەی بردنە بە فرەشت، مادام ئەوەی دەدیترێ لە ڕەگەزی جیا پێکهاتووە، بۆیە دەبێ پەی پێ بردنەکە لەیەک کاتدا و بەیەک جار هەموو ڕەگەز و گشت لایەنەکان پەی پێ بەرێت.

لەبەرئەوەی بابەتەکانی سەرنجدان هەمەچەشنە و جۆربەجۆرن، دەبێ لەلای خۆیەوە سەرنجدانە گیانییە- ژیرەکییەکانیش هەمەچەشنە و فرەجۆربن هەروەک تێبینی کردنە هەستییەکان کە فرەن، کاتێک سەرنجی دەم و چاوێک (ڕوویەک) دەدرێ چاو و لووت (کەپوو) و بەشەکانی دیکە بەیەک جاروپێکەوە دەدیترێن! چی دێتە کایەوە کاتێک دەروون شتێک دابەش و توێ توێ دەکات؟ ئەو دابەشکردنە پێشتر لە ژیردا کراوە، دەروونیش

ئەو دابەشکردنە بەکاردێنێ، وەک بنەمایەکی پشت پێ بەستراو بۆ ئەو دابەشکردنەی دەیکات! ئەوجا پێشتر و پاشتر لە بۆچووندا پێوەندییان بەکاتەوە نییە، ئەمە ئەوەی لێ ناکەوێتەوە کە بیرکردنەوە لە (پێشتر) پێش بیرکردنەوە لە دواتر بێت.

ئەو ڕەوشە (دۆخە) پێوەندی بەڕیزبەندی و پۆلێن کردنەوە هەیە، هەروەک چۆن لە درەختدا وایە! کە ڕەگوڕیشە و لقەکانی سەرەوەی بەڕیزبەندی نەبێ، پێش و پاشیان نییە! کاتێک دەدیترێن. ئەو ڕەوشەی لە پێشەوە هاتوو، دواتر هاتوو دۆخی ڕیزبەندییەکەیە کە بەیەکجار بدیترێ! خۆ ئەگەر دەروون سەرنجی شتێک بدات و ئەو شتە چەند بابەت و لایەنێک پێکهاتبێ! چۆن لایەنی یەکەمیان دەبینێ، ئەوجا دواتر ئەوانی تر؟ چونکە هێزی دەروونێک یەک هێزە، بەڵام لە هیی تردا دەبێ بە جیاواز و فرەجۆر! هەموو شتێک بە ڕێگەی یەک پەیبردنەوە نازانێ! چالاکییەکەی یەک لەدوای نابێ، بەڵکوو هەمیشە گشتیان پێکەوە دەبن بەهێزێکی نەگۆڕ لە خۆیدا. کاروباری گیانی (ڕۆحانی) ئەوە نییە کە لەخۆیدا یەکەیەک بێ، بەڵکو زۆر شتی فرە دەگرێتەوە کە لە بوونەوەری تاکدا پێشتر نەبووە.

٢ - بەو پێیە با، بابەتەکە بەو جۆرە بکەوێتەوە، ئایا چۆن کاروبارە گیانییەکانی بە بیردێتەوە؟ بەڵام ئەو خۆی لە بیر نابێ بۆ نموونە وەک سوکرات، کە شت دەبینێ، یان گیانە، یان دەروونە، با لێرەدا ئەو ڕەوش و دۆخانە باس بکەین کە ڕووبەڕوویان دەبینەوە، تەنانەت لەم دنیایەدا کاتێک شت دەبینین، یان بینینەکەمان ئەوپەڕی ڕوون و ڕەوان و بەهێز دەبێت. ئەوکاتە بینەر، لە زانین و پەیبردنەکانیدا ناگەڕێتەوە سەر خودی خۆی. ڕاستە ئەو خۆی لەبەردەستی خۆیدایە، بەڵام کردارەکەی ڕووی ئاراستەی لەوەیە کە دەیبینێ، ئیتر ئێمە خودی خۆمان دەبێ بەو شتە کە دەیبینێ، هەروەک ئەوەی بە خواستی خۆی بەرەو پیری بچێ، کە هەیۆلایەتی (بوونی هێزەکییە) و دەبێ بەوێنە و نموونەیەکی گونجاو و هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەوەدا کە دەیبینێ. ئەو خۆی بەو پێیە بوونی هێزەکی وەک ئەو شتانەی دەبێ کە بەدییان دەکات، ئەوجا ئایا شتزان (بوونەوەر) بوونی کردەکی دەبێ ئەگەر کاتێک هیچ شتێک نەزانێ.؟

خۆ ئەگەر شتزانەکە خۆی گشت شتەکان بێت، کاتێک خۆی دەناسێ گشت شمەکەکان پێکەوە دەزانێ! بەو پێیە ئیتر ئەوەی بەکردەکی خۆی دەبینێ و خودی خۆی دەناسێ، گشت شتەکان دەزانێ، بێگومان ئەگەر پەیبەر و شتزان خۆی بەتاڵ و بۆش بێ و هیچی لەباردا نەبێ، ئەوکاتە هیچ نازانێ! هەروەها پەی بردنی بەگشت شمەکەکان خودی خۆی دەیانگرێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەمە بکات لە پەیبەرێکەوە دەبێ بە یەکێکی تر، ئەمەش ڕەوشێکە پێشتر لە بارەیەوە بڕیارێکی بەپێچەوانەیمان دا.

ئایا دەکرێ بگوترێ: کە گیان هەروەک خۆی لە خۆیدا چۆنە وا دەمێنێتەوە؟ بەڵام دەروون لە بارەیەوە دەگوترێ: مادام لە ئاسۆی جیهانی گیانیدا، دەتوانێ بگۆڕدرێ، چونکە دەتوانێ پتر بچێتە ناو ئەو جیهانەوە. خۆ ئەگەر شتێک بایە لە دەوروبەری ناوەندە جێگیرەکە، ئەوە دەبوو ئەو شتە بە جێگیریی نەمابایەوە، بەڵکوو دەبوو چاو لە بەرانبەر مەڵبەندە جێگیرەکە بجووڵێتەوە، بەڵام لەو بابەتەدا تەنیا هەر گۆڕان نییە، ئەگەر پەیبەر لەوەی لە خۆیدا هەیە بەرەو ئەوەی لەخۆیدا چۆنە ببزوێ، یان لەوەدا لە خۆیدا چۆنە بەرەو

شەمەکی دیکە بجووڵێتەوە. ئەو خۆی هەموو شەمەکەکان و هەردووک لا یەک شتن، بەڵام دەروون، ئەگەر لە جیهانی باڵادا لە (ڕۆحانیدا) بێت، زنجیرەیەک کاریگەری جیاواز سەبارەت بە خۆی و ئەو شتانە کە لە ناویاندایە تووشی دەبن و بەری دەکەون، بەڵام ئەگەر تەنیا هەر لە جیهانی گیانیدا بژیا، ئەوە هەر بە نەگۆڕاوی دەمێنێتەوە، چونکە گوێزرانەوەی دەروون لە ژیرەکییەکانەوە (لە ڕۆحانییەکانەوە) بەرەو خودی خۆی و لە خودی خۆیەوە بەرەو گیانییە- ژیرەکییەکان گۆڕانی ڕاستەقینە نییە، بەڵام دەروون وەک بابەتەکانی دەمینێتەوە و دەبێ لەو جیهانە زەمینییە کۆتایی پێ بێت و لەگەڵ ژیردا یەک بگرێ ئەگەر بەرەو ئەو بچێ. ئەگەر بەو جۆرە ڕووی تێ بکات و بەرەو ڕووی بچێ، هیچ جۆرە ناوەنجییەک لە نێوان ژیر و خۆیدا نامێنێ، بگرە بەرەو ژیر تەکان دەدات، ئەوجا پێیەوە پەیوەست دەبێ، بەبێ ئەوەی خۆی لەناو بەرێت، بگرە هەردووکیان لەوکاتەدا دەبن بەیەک شت، بەڵام گۆڕانی بەسەردا نایەت، ئەوەندەی لەو ڕەوشەدا بەردەوام بێ! بەڵکوو لە زانین، لە پەیبردنێکی نەپساوەدا دەبێ و لێی دوور ناکەوێتەوە و هۆشی لە خۆی دەبێ، چونکە ئەو خۆی و جیهانی گیانیی (ژیرەکیی) یەک شتن.

٣- ئەوجا دەروون لەو جیهانە گیانییە دەچێتە دەرێ و لەیەک ڕەنگی و گۆشەگیری بێزار دەبێ و خودی خۆی بۆ خۆی خۆش دەوێ حەز دەکات لەژیر- گیان جیاوازبێ، ئیتر ڕوو دەکاتە دەرەوەی و واپێدەچێ کە وەبیر هاتنەوەی بۆ خۆی بێت. ئەگەر ژیرەکییەکانی بە بیربێتەوە، ئەو وەبیرهاتنەوەیە ڕێگر دەبێ لەوەی بەرەو ژیر بێتەوە خوارێ، خۆ ئەگەر کاروباری جیهانی وەبیربێتەوە، وەبیرهاتنەوە سەرەوژێر بەرەو خوارەوە پاڵی پێوە دەنێ! ئەگەر هاتو ئاسمانی وەبیر بێتەوە، لە ئاسمان دەیهێڵێتەوە. لە هەموو ڕەوشەکاندا دەروون خۆی دەبێ بەو شتەی وەبیری دێتەوە، وەبیرهاتنەوە، بیرهاتنەوەی پەیبردن (بیرۆکە)، یان ئەندێشە دەبێ، بەڵام هێزی ئەندێشە ئەوە ناگەیەنێ کە ببێ بە خاوەنی شتەکە (بابەتەکە)، بەڵکوو پەی پێ بردن و کارتێکرانیەتی. بەو پێیە وەک ئەوەی لێ دێ کە پەی پێ دەبات.

**سەرچاوە:**

1- Plotin: Enneaden. Berlin 2015. S. 295 – 30q.

**٢- ئەو بەشە کە وەرگێڕدراوە، (لە تێکستە ئەڵمانییەکەدا) لە لاپەڕە (٢٩٥ تا ل ٣٠٩) دەگرێتەوە، کە لە پەرەگرافی (١٨ دەست پێ دەکات تا دەگاتە کۆتایی پەرەگرافی ٣٢) لە بەشی سێیەم، کە نووسەر لە جیاتی بەش، چەمکی کتێبی بۆ داناوە.**